# ئیٚواره یه ك بـــــــــــه ر له ژه هـــــــــــــــر!

سێ سه د ساڵ له مه و به ر *ئه حمه دی خانی* نه ته وه ی خسته ناو داستانی ئه شقه وه
مه م و زینی کرد به هانه.. بوونی خسته له سه ر جوگرافیای نوسین.
دوای سێ سه د ساڵ ناچاربووم ئه شق بخه مه نێو ترسناکترین تراژیدیایی گه له که مه وه.

## بۆ هه ڵه بجه ی شه هید!

نامۆ سامان

گوڵم !
گریمان ژه هر هه ڵه بجه ی نه کوشتایه
ره نگ بوو ئێستاکه وه ک مه موزین
ئه شقێکی تر سه ری هه ڵدایه!
**************************

ئه و ئێواره یه ئاسمان وه ک قوبه ی شین
چه پک چه پک ئه شقی گوڵره نگی ده رشت
زه رده په ریش له باڵانبوو
په نجه کانی وه ک قرنیله
له په رچه مو ئه گریجه ی لوول گیر کردبوو
وه ک ئه وه ی دڵی خوتوره ی دابێت ئیتر
گوڵم نه بینێته وه
ته یره کان تا سپیده به ئاسمانه وه جریوه یان ده هات
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
جارێکی تر باڵی فرین نه بیننه وه
کو کو ختێکان..کوکوختیه گه ردن له خاڵه کان
له سه ر سنه و به ره کانی به فری میر
ملیان لار و کزیان له یه ک ئالاندبوو
ده نووکه باریکه ره شتاڵه که یان بریبوه ئاسمان
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
ئه م ئاسمانه شینه نه بینه وه
کۆتره شینکه کانی شنرۆێ هێلانه یان جێهشت بوو
له به ر په نجه ره ماڵه به رزه کاندا نیشتبوونه وه
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
جارێکی تر ئینسان نه بینه وه
به رگه شۆراوه کان به ته نافی ماڵه کاندا
[با] خێرا شنه ی پێده کردن
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
جارێکی تر منداڵه ژیکه ڵه کان نه بیننه وه
دڵداره کان ئه و شه وه تا سپیده
له گه ردنی یه ک جودا نه بوونه وه

وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
ماچه کان لێوه کان ته ر نه که نه وه
ماره ئاشقه و ماشقه کان له قه دی یه ک ئاڵابوون
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت  ئیتر
لێک نه ئاڵێنه وه
پێشمه رگه کان ئه و  شه وه
په نجه یان له سه ر په له پیتکه ی تفه نگه کان بوو
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
په نجه کان تفه نگ نه بینه وه
شنروێ چاوه کانی بریبوه باڵانبۆ..دوور ئه یروانی
وه ک ئه وه دڵی خوتوره دابێت ئیتر
خۆره تا و نه بینێته وه
دایکه کان ئه وه شه وه تا سپیده شیریان ئه دا به ساواکانیان
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
مه مکه کان ده می مژین نه بیننه وه
[عومه ری خاوه ر] ئه و شه وه تا سپیده
دوو کوره که ی له باوه شی حوزنیا ئه لاواند
وه ک ئه وه ی د ڵی خوتوره ی دابێت ئیتر
باوکه کان جگه رگۆشه کانیان نه بینه وه
سه ماوه ره کان ئه و شه وه تا سپیده گیزه یان ئه هات
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
پیاڵه زه رلیه خه ت زه رده کان نه بینه وه
کۆڵانه کان پر بوون له ده نگی ئاسنه ژه نگ گرتۆکان
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره دابێت ئیتر
ڕێبواران نه بینه وه
پاڵمداوه به که ناری ئه م  ڕۆحه وه
ئه ستێره له چاوانم ئه رانێ
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
ئه شق نیگاکانم نه ناسیته وه
پاڵمداوه به گوناحی ئه م شه وه وه
شاره زوور تێم ئه رانێ
وه ک ئه وه ی دڵی خوتوره ی دابێت ئیتر
حه بیبه که ی نه بینیته وه
له سه ر له پی ئه م شه وه دا
من خه ونی ره نگ په مه ی ده چنم
ئه شق چاوه کانی فراندووم
گوڵم له باخی میره وه
هه موو ڕۆژێک به چڵه سێوک
سڵاوی ئه سه ندمه وه

گوڵم ئه وه شه وه له سه مای ئه شقی تۆدا ئه سووتامو
خه ونی سه وزم ده چنی
خه یاڵ ده ستی ده گرتمو
که نار له رۆخما شین ده بوو
شنه که رویشکه ی به پرچم ده کرىو
نیگاکانمی ده فراند
رۆحم له به ر پێدا دا ئه گیرساند
وه ک ئه وه ی دڵم خوتوره ی دابێت ئیتر
چاوه کانم نه تبینێته وه
گوڵم ئه و شه وه کۆتره کان
تا سپیده دانیان ئه دا به بێچوه کانیان
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
ده نووکه کان به یه کدا نه رشێنه وه
پشیله کان ئه وت ماخۆلانیانه بێچوه کانیان ئه گێوزایه وه
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
بێچوه کان نه بینه وه
ماسێکان سه ریان له به ر تریفه ی مانگه شه ودا
هێنابووه ده ر بریسکه یان ده هات
وه ک ئه وه ی دڵیان خوتوره ی دابێت ئیتر
لێوی رۆحیان قولاپه کان نه بینه وه
که چی گوڵم من له و خه ونه پرته قاڵیه به ئاگا نه هاتم
وه ک ئه وه ی شه و دڵی خوتوره ی دابێت ئیتر
خه ونم نه بینمه وه
له سه ر له پی رۆحم هه ڵمگرتویت
له سه مای ئه شقی تۆدا ئه سوتێم
ئه م ئه شقه کۆته ڵی مه رگم ده گێرێ
بیرته گوڵم!
کاتێ ماچم بۆ ئه ناردی به دوو په نجه
وه ختبوو بفڕیت باڵبگریت بیت بۆ لام
به قه د ته مه نی دره ختێک خۆشم وویستی گوڵم
به قه د حه زی کانییه ک ماچم بۆ ناردی گوڵم
به قه د خه ونی دارسێوک له ئه شقم گرتی گوڵم
بیرته گوڵم!
هه موو رۆژێک له باخی میر سێوێکت بۆ ئه هێنام
به چڵه سێوک سلاوت ئه سه ندمه وه
ئه وه نده ت سێوت بۆ هێنابووم گوڵم
ره نگی سێوم گرتبوو
بۆنی سێوت گرتبوو
منیش وامده زانی ئه م  دنیایه

ته نها بۆنی سێوی لێدێت!
پاڵم داوه به كه ناری ئه م ئه شقه وه!
ئه مه ئه شقه یان دۆزه خه!
پاڵم داوه به ڕۆخی ئه م روباره وه!
ئه مه ئاوه!
یان تارمای گوناحه كانه به به ر چاوما ره ت ده بن
دهێن و نیگام ده فرێنن
دهێنن و به ساته كانی ته مه نم ئه سپێرن
له به ر خۆمه وه كه سێكم
هێشتاكه ئاسمان به چاوه كان ئاشنا نه بووه
له به رخۆمه وه قوربانییه كم
هێشتاكه رۆژێكم له به ر پێدا سه ر نه بریوه
من به حه ژمه تی ئه م كه له یه وه وا پیر ده بم
پیر ده بمو له چۆراوگه یه كدا خۆم به دیده كه م
سه روگێولاكم كوتومت قه ره ج
سه ما و رۆژه كانم تیا وونكردووه
وه ره تاوان بمبه ره وه
بمبه ره وه بۆ چنگی هه ژدیهاكه ی بغداد
بمفرێنه..
بمكه به په ڵه یه كی نه فره ت
بۆ نێوچه وانی ئومه ی عه ره ب
بمسوو له شمشێره كه ی
لوولمكه له عه گاله كه ی
بمبه ره وه بۆ چاوانی كانی ئاشقانه كه ی هه ڵه بجه
من هه ڵه بجه م!!
من ته رمی هه زاره ها هه ناسه ی ژه هراویم
من كورىمو له ناو كۆستی هه ڵه بجه مدا
هه ناسه م تێكه ڵی ریحی عه ره ب بووه
پاڵمداوه به هه ناسه ی ئه م ژه هره وه
سه ر م لارو چاوه كانم پر نه فره ت
مناجاتی ئه م ته رمه ی خۆم
له به ر قاپی خودایه كدا ئه گیرمه وه
گوناحه كان ئه ژمێرم
من به بینینی ته رمی ریشۆڵه یه ك
كاره ساته دڵته زینه كانم به بیردهێته وه
ئێستاكه ته رمی سه دان گوڵه ئه ستێره و
ریشۆڵه له ده وورم كه وتوون
هه موو گیانم ئه له رزێ و ئاودامانی ژه هره
ته رمی ئه م ئه شقه ی خۆمم

له سه ر له پی رۆحم هه ڵگرتووه
هه نگاوه کانم شه که توو ماندوو
له ژێر تارمای لاشه کاندا
له ژێر سێبه ری دار سێوه کاندا
ژه هر ..ژه هر چاوه کانی لێساندووم
ده ستمبگرن توند بم نووسێنن به خۆتانه وه
ئه م ئه نگوسته ی شه وه
له چاوه کانما په پکه ی خستووه
ژه هر گه ستی کردووم
ئاخۆ که نگێ رۆژ ده بێته وه
ده ستمبگرن توووند بمگوشن به خۆتانه وه
نه وه ک ئه م تووله ڕێیه بمفرینن
مین.. مین
جه سته ژه هراوێکه م به ئاسماندا هه ڵوه رێنی
ده ستمبگرن.. ده ستمبگرن
پاڵم داوه به هه ناسه ی ئه م ژه هره وه
ئه شقم له سه ر له پی ڕۆحم هه ڵگرتووه
هه نگاو ئه نێم به سه ر ته رمی گوڵه ئه ستێره دا
به سه ر خوشکو دایکو ..باوکو برادا
گوڵه که م لێوون بووه..گوڵه که م لێوون بووه
ئه بێ گوڵم پێش ژه هر خه ونی به چییه وه بینیبێت
ئه بێت گوڵم پێش ژه هر حه زه کانی چ ره نگین بوبێت
چاوه کانی چه ند گه ش و
لێوه کانی چه ند ئاڵ و
ته ڕ بوبێت.،،
گوڵم ده نیگایه کم تێگره
گوڵم ده چاوه کانت هه ڵبره
گوڵم..!
من ئه وه ژه هره م بۆیه هه ڵمژی
وام زانی بۆنی لا ملی گه ردنی تۆیه
وامزانی وه کو جاران دێیتو به ماچێک
لێوه کانم ته ڕ ده که یت
وامزانی هه ناسه ی سێوینی تۆیه دێتو
به دوو په نجه لێوه کانم ته ر ده که یت
گوڵم بمبه خشه.!
ئه گینا هه ناسه م به خۆمه وه ئه دووری
هه رگیز نه مده شت دووژمن بێته ژینمه وه
جه لادان بێنه بینینمه وه
ته رمی ئه م گوڵه م له سه ر له پی رۆحم هه ڵگرتووه

به دووی لاشه ی منداڵیما ئه گه ڕێم
ئه مه شاره یان گۆڕستانه
ئه مه ئه شقه یان دۆزه خه
خوا له سه ر ئه م زه مینه بۆی خوڵقاندووم
ئه مه کۆتای چرکه ی ته مه نه
یان کۆتای هه ناسه ی ژینمه
یان چرکه ی کاتژمێره که ی کوورانی عۆجه یه
هه ره شه ی بوونم ئه که ن
ته رمی ئه م گوڵه م له سه ر له پی ڕۆحم هه ڵگرتووه
به نێو جه نگه ڵی کاره ساته کانی ژه هردا شۆڕده بمه وه
له ژێر سێبه ری دره خته مردووکاندا
هه ردوو کوره که م له باوه شگرتووه
ته رمی ئه م ئه شقه ی خۆمم وا به کۆڵه وه
روو له هه رکێو ئه که م
قیبله م ژه هره
پێ له هه ر کیوێ ئه که م
ته رمی ژه هره
خوایش قه له ره شی بۆ ناردووم
گوڵم.! خوا قه له ره شی بۆ ناردووم
تا فێرمکا چۆن تاوانه کان بکه به ژێر خۆڵه وه
تا فێرمکا ته رمی ئه م ئه شقه ی خۆم چۆن
بکه م به ژێر خاکه وه
ئاساوری تاوانه کانی ژه هر چۆن بسرمه وه
خوایش تاوانه !
خوا وه رزی برسێتیو روداوه کانه!
خوا ئه لبوومێکی گه وره ی جه لادانه!
گوڵم.!
خوا قه له ره شی بۆ ناردووم تا فێرمکا چۆن
ئه م ئه شقه زینده به چاڵکه م
ئه شقی خه ڵکی که ی له ئه شقی من ده چێت
حه زی خه ڵکی که له حه زی گوڵم چووه
ئه شقی من جودایه!
ئه شقی من سێوه!
ئه شقی من ژه هره!
تێکه ڵ هه ناسه م بووه!
ئه شقی من ده ریایه که پر ڕه نگ
کیشوه رێکه بێ ناو نیشان
گوڵم! گریمان ژه هر هه ڵه بجه ی نه کوشتایه
ره نگ بوو ئێستاکه وه ک مه موزین

ئه شقێكی تر سه ری هه ڵدایه!
من ئه م ئه شقه نانێژم
من ئه م ئه شقه ناكه م به ژێر خاكه وه
تا قورعان ئه نفال له خۆیا ئه نفال نه كات
تا عه ره ب عه گاله كه ی دانه گرێت
له به رده ما سه ری شه رمه زاری شۆر نه كا
تا جه لادان ته وره كان له خۆیانه نه برنه وه
تا كرێكارانی كارگه ی ژه هر
به دله شینه كه یان توو نه ده ن
تا مه لای مزگه وته كان
مێزه ره كه یان نه گرنه ئیمامه كان
ئیمامه كان نوێژه كان به تاڵ نه كه نه وه
تا كه نیسه كان زه نگ نه شكێنن
تا ئه م سه ده نه گلیسه
ئاڵا دیموكراسێكه ی دانه گرێ و
دان به مافه كانما نه نێ
تا خوا په نجه ی په شیمانی نه گه زێ
ئه م دوو پێیه نه باته وه بۆ خۆی
من ئه م ئه شقه نانێژم
من ئه م ئازاره ناكه م به ژێر خاكو خۆڵه وه
گوڵم..!
به ئه سپای به لاشه ژه هراویتا ئه چپێنم
به ئه سپای سه ر ئه نێم به سنگته وه
نیهنییه كت لا ئه دركێنم
گوڵم با جه لادان
خواكانی تاوانو شه ر
دوو پێكان
پیاوه بسته باڵاكان
كرێكارانی كارگه ی ژه هر
نه زانن كه دوو چاوی كوێر خه ون ده بینێ
ئه گیان گوڵم جه لادان
خه ونه كانیش ژه هراوی ده كه ن
ماچه كان ئه ده نه به ر پۆستاڵ
رۆحه كان ده كێشن
كێڵ و كاره باو ده زگای ئه من
ئه شقه كان ئوتو ئه كه ن
************************************